# جەماعەت سات و ڕاپەرین

هیوا

تا به کردەوە نەبیتە کورد سات هەر ناوی جەماعەت ساتە (جەماعەت سات ..کۆمەلە سات حزب سات) ناوی تر زۆرە .جەماعەت سات هەمۆ خەباتی کورد بە خەباتی ئەو جەماعەتە دەزانی کە خۆیان پێیان یاشە .
هەمو خەلکی ئێراق رق و کینەی بەرامبەر بە تکریت و عۆجە هەبۆ لە بەر کردەوەی جەند کەسیک دەسەلاتی ئیراقیان بەدەستەوە بۆ لە راستیدا هەمۆ خەلکی ئەو شوینانە خەراپکار نەبۆن .
کۆمەلێک لە جەماعەت سات وا نیشان دەدەن کە ئەوان زۆر دلسۆزێ خەلکی سلیمانی بن ئەوەیان لە بیر دەچی بەو جۆرە کردەوانە ناوی ئەو شارە تێک دەدەن وە دژ بۆ خەلکی ئەوشارە پەیدا دەکەن. شاراوە نیە کە جەماعەتیک کۆنترۆلی ئەو کەنالەو کەنالەکانی تریان کردە بۆ ئیسپات کردنی ئەم باسە بەلگە زۆرە ؟؟؟؟
ئەوەی لە مانگی (سێدا ) لە بەر چاوی هەمووانە یادی ڕاپەرینەکەی سالێ1991 ئاشکرایە کە ڕاپەرین لە ڕانیەوە دەستی پیکرد یەکەم پەلاماردان بۆ سەر مۆلگاکانی ڕژیم لەوی وە بۆ یەکەم شەهید و یەکەم تەقە لەوی وە بۆ بۆیە ناۆ نرا دەروازەی ڕاپەرین .بەلام جەماعەت سات رۆژانە ئەو بروسکەیە دەخوینەوە وەک ڕا پەرین لە سلیمانیەوە دەستی پێکردبی ((لە زمناکو بۆ ئازاد 1760 برادەران ئاگادار بکەوە حەوتی مانگ زەماوەندە))هەر کەس نکۆلی لە خەباتی کوردایەتی خەلکی سلیمانی بکات ئەوە کورد نیە بەلام ئەوەی بیەوی هەمۆ خەباتی کوردیش بۆ جەماعەتیک بگەڕینیتەوە ئەویش هەر کورد نییە هەر کەس و تاقم و حزبی بێت جەماعەت سات دەیانەوی سونبولی ئەو ڕاپەڕینە بۆ کومەلێ کەس نیشان بدەن خۆ دەبی 5 .3..1991 ڕانیە بکریتە سونبولی ڕاپەڕین نەک 7..3 .1991 ئەگەر وانیە بۆ لەگەل رزگاری هەر شارۆ شارۆچکەیەک بروسکەی ئەو شوینە ناخوینەوە تەنها باسی 3.7 دەکەن پاشان دەچنە سەر باسەکانی تر ئایە بی ئاگان یان خەلکی بە بی ئاگا دەزانن .